NHS

(KURDISH - SORANI)

# گۆرانکاریەکانی داواکردنی دەرمانە دووبارەبووەکان

## رینمایی بۆ نەخۆش



# چی گۆرانکاری بەسەردا دیت؟

**ن چ س لە لیڤەرپوول چەند گۆرانکاریەک دەکات بەسەر ریگاکانی داواکردنی دەرمانە بەردەوامیەکان.**



هەندیک کەس هەیە کە دەبیت بە شیوەیەکی بەردەوام دەرمان وەربگرن بۆ چارەسەرکردنی نەخۆشی.



هەرچ کاتیک کە دەرمانی زیاترەت بویت دەبیت دکتۆرەکەت بۆت بنووسیت.

هەندیک کەس دەرۆن بۆ لای دکتۆر بۆ ئەوەی بە شیوەیەکی راستەوخۆ داوای دەرمانەکانیان بکەن.




هەندیک کەسی تر دەچنە لای دەرمانساز بۆ ئەوەی داوا لە دکتور بکات کە دەرمانەکانیان بۆ داوا بکات.

لە هاوینی ٢٠١٨ وە، دەرمانسازە ناتوانیت کە دەرمانی نەخۆش داوابکات لە دکتۆر. دەبیت هەرکەسیک کە پیویستی بە دەرمان بوو خۆی داوا لە دکتۆر بکات.




دەرمانساز هێشتا دەتوانیت کە دەرمانەکەت لە دکتۆرەکە وەربگریت و بۆت بهێنیت- بەلام لە پێشدا دەبیت خۆت دەرمانەکە داوا بکەیت لە دکتۆرەکە.

## لە دوای ئەوە چی بکەم؟

ئەگەر خۆت ئیستا ئاسایی هەموو جاریک بە شیوەیەکی راستەوخۆ داوای دەرمانەکانت لە دکتور کردووە ئەوا هیچ گۆرانکاریەک روو نادات بۆ تۆ، وە پیویست ناکات هیچ بکەیت.

بەلام ئەگەر تۆ دەرمانساز یارمەتی داوی بۆ داواکردنی دەرمان، دەبیت قسە لەگەل دکتۆرەکەت بکەیت بە زووترین کات بۆ ئەوەی یارمەتیت بدات.




**دلنیابە لەوەی کە چاوەری نەکەیت تا دەرمانەکانت تەواو دەبن، قسەیان لەگەل بکە کە هیشتا بەشی یەک هەفتە دەرمانت ماوە.**

ئەگەر دلنیا نیت، ئەوا پرسیار لە پرستگەی دکتۆرەکەت بکە. ئەوان دەتوانن یارمەتیت بدەن.